# (( ســـــەفــەر ))

نالە حەسەن

نیگای چاوت

سەرهەڵدەگرن و کۆچ دەکەن

لەسەر ئارامی باڵی کاتژمێرەکان , دەنیشنەوە

مێژووی رەهێلە کۆچەرییەکان

تنۆك تنۆك بارانی شکۆی لیَ دەتکیَ .

چیبکەم ... ,

خۆزگە وەك چۆن سینگم دیواری ئازادە

ئاوهاش پەنجەکانم

بەلەمێکی گەورە دەبوون

تا لە سەفەری بەرەو هەوارگەی رەهابوونی رۆح

هیچ زیندەوەرێکم بەجیَ نەهێشتبا ... !

